به بۆنەی داگیرساندنی مۆمی شازدەمین ساڵەی تەمەنی (ڕامان)ەوە

(ڕامان)ی سەرچاوە

د. ئازاد عوبێد
(کۆلێژی ئاداب - زانکۆی سەلاحەدین)

ڕامان ئەو گۆڤارە دانسقەیەی مێژووی ڕۆژنامەوانیی کوردی دوای ڕاپەڕین، زۆر بە لێهاتوویی و شیاوی توانی شۆێنی شایستەی خۆی گرت بدات، دوای ئەوەی ژمارەیەکی زۆر گۆڤار و ڕۆژنامەی جۆراوجۆر دەرچوون، زۆریان ئاوابوون و لەبیران چوونەوە و کەمیان توانییان بە ئاستی پێویست، ڕامان ئاسا بەردەوام بن.

تەمەنی زیاتر لە پازدە ساڵ کەم نییە، لە سەروەختی خۆی دڵ و دەروونی خوێنەرانی پاراو بکات.

* (ڕامان)ی گرێدای هەموو بەشەکانی کوردستان و تەنانەت دەرەوەیشە..

* (ڕامان)ی زمان پاراو و خەمخۆری ڕێنووس و زمانی یەکگرتووی کوردی.

* (ڕامان)ی ڕۆشنبیری گشتی و دەقی ئەدەبی خۆمالّی و وەرگێڕدراو.

* (ڕامان) لە هەموو کانیاوە سازگارەکان تینوێتی دەشکێنێ، لە بەسەرکردنەوەی ناوە دیارەکانی ڕۆشنبیری کوردی، لە هەموو بوارە جیاجیاکاندا، چاوپێکەوتنی تێروتەسەلی لەگەڵ کردوون و سەدان لاپەڕەی پڕ زانیاری ورد و بایەخداری بۆ تۆمارکردووین، کە بێ ئەم لاو ئەولا بوونەتە سەرچاوەی ڕەسەن و دەگمەن بۆ ساغکردنەوەی مێژووی نەتەوەکەمان، ئەوەتا لەم ڕۆژانەدا نامەیەکی ماستەرم لەبەر دەستە سەبارەت بە باری ڕۆشنبیری شاری هەولێر (١٩٥٨- ١٩٧٥)، گۆڤاری (ڕامان) وەک سەرچاوەیەکی باوەڕ پێکراو (٣٠) جار بەکارهێناوە و تەنانەت لە پێشەکیدا لە ئاماژەکردن بەسەرچاوەکاندا، کە دێتە سەر گۆڤار و ڕۆژنامەکان، بە تەنیا ناوی گۆڤاری (ڕامان) هاتووە، دڵنیاشم، ئەوەی بیەوێ لە بارەی بارودۆخی ڕۆشنبیریی کوردستان بنووسێ، دەبێ (ڕامان) بپشکنێ بۆ ئەوەی بتوانێ کارەکەی تێروتەسەل بێت. بێ گومان ئەمەش شانازییەکی گەورەیە بۆ (ڕامان) و هەقی خۆشیەتی.

* وێڕای ئەمانە (ڕامان) بەو دەستە و دایرە کەمە و بەو کارە پوختەی، دەیسەلمێنێ، کارکردن بە زۆری و بۆری نییە، بەڵکو بە دڵسۆزی و پەرۆشی و خەمخۆری و نیازپاکییەوەیە. هەر لەو ڕوانگەیەشەوە بەر لە چەند ساڵێک پێشنیارم بۆ گۆڤارێکی تازە دامەزراو کرد کە چاو لە (ڕامان) بکەن، بۆ بەڕێوەبردنی گۆڤارەکەیان.

دیارە ئەم کارە پوختەش، بەڕاستی شیاوی کاک (ئازاد عەبدولواحید)ی سەرنووسەری (ڕامان)ـە، کە بە شارەزایی و لێهاتوویی و دڵسۆزی و پاکی خۆی ئەو ماوە درێژە بەردەوام بێ، بە هیوای ئەوەی تەمەنی (ڕامان) بە قەد چیای سەفین بێت، دەست خۆشیش بۆ کاک ئازاد و هاوکارانی.

هەر سەرفراز و بەردەوام بێت ڕامان.